حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی شارەوانی گەشت و گوزار
دەستەی گشتی گەشت و گوزار

# ڕێبەری هۆشیاری سوودمەندان

## خزمەتگوزاری دەرهێنانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری و پۆلین کردنی بنکە گەشتیارییەکان

رێبەری هۆشیاری سوودمەندان

## خزمەتگوزاری دەرهێنانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری و پۆلین کردنی بنکە گەشتیارییەکان

هاوڵاتی بەرێز:-
ئەم رێبەرە گرینگی تایبەتی هەیە بۆ تۆی هاوڵاتی بەرێز وە کارئاسانییەکی باشت بۆ دەکات بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانت بەباشی بەرێوەبچێت هەروەکو ئاشکرایە پێشووتر بەهۆی نەبوونی ڕێبەر چەندین جار تۆی هاوڵاتی تووشی کێشە و گرفت بوویت لە کاتی دەرهێنانی مۆڵەتی گەشتیاری بۆ بنکەی گەشتیارییەکەت بە هۆی نەزانینی ئەو بەڵگەنامانەی چین کە پێویستن بۆ جێبەجێکردنی کارەکەت لە قۆناغە جیاوازەکاندا .

دەستەی گشتی گەشت و گوزار بەردەوام هەوڵی داوە کە خزمەتگوزارییەکانی لە ئاست ڕەزامەندی ئێوەی هاوڵاتیان دابێت، هەر بۆیە بەردەوام لە کارئاسانی دابووە بۆ بەرێوەچوونی ئیش و کارەکانی هاوڵاتیان وەرگرتنی ڕاو سەرنجیان و پێشنیارەکانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەزامەندی سوودمەندانی دەستەی گشت و گوزار.

لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە هەوڵەکان چڕ کراونەوە بۆ دروست کردنی ئەم رێبەرە کە تایبەتە بە **" دەرهێنانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری و پۆلین کردنی بنکە گەشتیارییەکان "** (هۆتێل، مۆتێل، ئەپارتمنتی ڕاخراوی، گوندی گەشتیاری، کۆمەڵگای گەشتیاری، ڕێستورانت، کافتریا، خواردەمەنی خێرایی، شاری یاری، گێرانی هۆڵی ئاهەنگ خێزانی، یانەی شەوانی کۆمەڵایەتی، فرۆشگای ( مەی فرۆشتن)، نووسینگە و کۆمپانیای فرۆشتنی مەی بە کۆ، مەساج لە ناو هۆتێل، ڕێستورانت و بار لە دەرەوەی هۆتێل، سینەما، (ئاهەنگ )ی تایبەت لە هۆتێل، (ئاهەنگ )ی تایبەت لە ڕێستۆرانت و بار......هتد) کە تیادا ڕوونکردنەوەی تەواو دەربارەی قۆناغەکانی ئەم پرۆسەیە، ئەم رێبەرە یاریدەدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاوڵاتیان و دەست خستنی زانیاری لەسەر پرۆسەکە .

هاوڵاتی بەرێز لەکاتی بوونی هەر کیشە و گرفتێک کە دێتە پێش کارەکەت یان هەر تێبینی و پێشنیارێك، دەتوانی پەیوەندی بە ئێمەوە بکەی لە ڕێگای ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

* سندوقی سکاڵای دیوانی دەستەی گشتی گەشت و کوزار، هەر سکاڵایەکت هەبوو دەتوانی بینووسی و بیخەیتە ناو سندوقی سکاڵا .

* فۆرمی تایبەت بە هاوڵاتیان لە پرسگەی دیوانی دەستەی گشتی گەشت و گوزار پڕ بکەیتەوە و ئەگەر هەر ڕەخنە یان تێبینی یەکتان هەیە دەتوانن لە فۆرمەکە بنووسن.

## ڕێبەری هۆشیاری سوودمەندان

* پەیوەندی بە ئیمێڵی دەستە بکەن (info@bot.gov.krd) لە کاتی بوونی هەر پرسیار یان پێشنیار یان ڕاو و بۆچوونێك.

* ژمارە تەلەفۆنی بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی جۆری لە دیوانی دەستە (07518749522 - 0662562548) .

* تۆڕی کۆمەڵایەتی (Facebook) دەستەی گشتی گەشت و گوزار.

هاوڵاتی بەرێز بۆ وەرگرتنی زۆرترین زانیاری لە بارەی شۆێن و بنکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەم ماڵپەرە ئەلیکترۆنیە بکەن (www.bot.gov.krd).

## ڕێبەری هۆشیاری سوودمەندان

| بەڵگەنامە داواکراوەکان(پێویستییەکان) | ناوەرۆکی قۆناغ | قۆناغ |
| --- | --- | --- |
| ⋆ فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەتی کارکردن و پۆلین کردنی بنکە گەشتیارییەکان.<br>⋆ ڕەزامەندی ئاسایش بۆ :-<br>- بنکەکانی مانەوە (هۆتێل، مۆتێل، ئەپارتمنتی ڕاخراوی، گوندی گەشتیاری،کۆمەڵگای گەشتیاری).<br>- ڕێستورانت و بار لە دەرەوەی هۆتێل.<br>- فرۆشگای (مەی فرۆشتن).<br>- (ئاهەنگ)ی تایبەت لە هۆتێل.<br>- (ئاهەنگ)ی تایبەت لە ڕێستۆرانت و بار.<br>- ئەگەر خاوەن بنکە هاوڵاتی هەرێمی کوردستان نەبوو، دەبێت ڕەزامەندی ئاسایشی هەبێت بۆ هەموو جۆرە بنکەکانی گەشتیاری.<br>⋆ ڕەزامەندی یەکەی ئیداری بۆ (فرۆشگای مەی فرۆشتن، (ئاهەنگ)ی تایبەت لە هۆتێل، (ئاهەنگ)ی تایبەت لە ڕێستۆرانت و بار، ڕێستورانت و بار لە دەرەوەی هۆتێل).<br>⋆ وێنەیەك لە ناسنامەی باری شارستانی و بڕوانامەی ڕەگەزنامە.<br>⋆ ڕێپێدانی بەرگری شارستانی بۆ بەکارهێنانی بنکەی گەشتیاری و پێشوازی مێوان.<br>⋆ ناوی بازرگانی یان نیشانەی بازرگانی لە ژووری بازرگانی.<br>⋆ پاکانەی باجی دەرامەت.<br>⋆ گرێبەستی کرێ یان وێنەی تۆماری مولکیەتی بنکەی گەشتیاری.<br>⋆ پشتگیری کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان.<br>⋆ وێنەیەك لە مانەوە (الاقامة) ئەگەر هاتوو خاوەن بنکەی گەشتیاری بیانی بوو.<br>⋆ بەڵێنامە بە پێدانی زانیاری تەواو لەسەر ژمارەی مێوانەکان و ڕەگەزنامەکانیان بە شێوەی مانگانە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزار. | *پێشکەش کردنی داواکاری:-*<br><br>هاوڵاتی بەڕێز دەتوانی داواکاریەکەت پێشکەش بکەیت بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە بەشی مۆڵەتی گەشتیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزاری پارێزگاکەت، وەهەموو بەڵگانامەکانی داواکراو دەبی هاوپێچ بکرێت لەگەڵ فۆرمی داواکاری پێدانی مۆڵەت واتا داوکارییەکەت پێشکەش مەکە تاکو هەموو بەڵگەنامەکانی دواکاراو تەواو دەبێت. | 1 |
| * تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (1). | *ناردنی داواکاریەکەت بۆ لێژنەی پۆلین کردن و بەشی مۆڵەت:-*<br><br>لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی داواکاریەکەت لێ وەردەگیرێت وە لە تۆماری هاتوو دەنووسرێت وژمارەی پێ دەدرێت وە دەدرێتە بەڕێوەبەری گشتی بۆ ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری / لێژنەی پۆلین و بەشی مۆڵەت بەمەبەستی دەست پێکردنی کارەکانی پێوست بۆ پێدانی مۆڵەتی کارکردنەکەت. | 2 |

## ڕێبەری هۆشیاری سوودمەندان

| | | |
|---|---|---|
| 3 | *سەردانی کردنی بنکەی گەشتیاری:-*<br><br>سەردانی کردنی بنکەی گەشتیاریەکەت دەکرێت لەلایەن لیژنەی پۆلین لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزاری پارێزگاکەت بە هەماهەنگی لەگەڵتان وە فۆرمی تایبەت بە پۆلین کردن پڕ دەکرێت لەگەڵ وێنە گرتنی بنکەکەت بۆ دیکۆمێنت کردن.<br>تێبینی: ئەم بڕگە جێبەجێ دەکرێت تەنها لەسەر ئەم بنکانەی کە پێویستیان بە پۆلین هەیە. | * فۆرمی پۆلین کردنی بنکە گەشتیارییەکان.<br>* پێوەر و مەرجەکانی تایبەت بە پۆلین کردنی بنکە گەشتیارییەکان.<br>* ئامێرەی وێنە گرتن ( کامێرە).<br>* فۆرمی پێدان و نوێ کردنەوەی مۆڵەت بۆ فرۆشگای مەی(بەتاك). |
| 4 | *ووردبینی کردنی بەڵگەنامەکان :-*<br><br>بەڵگەنامەکانت ووردبینی دەکرێت لەلایەن بەشی مۆڵەت و فۆرمی بڕیاری کۆتایی بۆ پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ بنکە گەشتیاریەکەت پڕ دەکرێتەوە، وە لەکاتی هەبوونی کەم و کوری لە بەڵگەنامەکان، تۆی خاوەن بنکە ئاگادار دەکرێتەوە بە مەبەستی تەواو کردنیان. | * فۆرمی بڕیاری کۆتایی بۆ پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ بنکە گەشتیارییەکان.<br>* فۆرمی پۆلین کردنی بنکە گەشتیارییەکان.<br>* تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**1**). |
| 5 | *بڕیاری کۆتایی:-*<br><br>سەرۆکی بەشی مۆڵەت ڕای خۆی دەدات بە پێدان یان پێنەدانی مۆڵەت و واژووی دەکات لەسەر فۆرمی بڕیاری کۆتایی و دوای ئەوە فۆرمەکە بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەری گشتی. | * تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**4**). |
| 6 | *ڕایی بەڕێوەبەری گشتی :-*<br><br>بینینی هەموو بەراییەکان لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی وە لەکاتی نەبوونی هیچ تێبینیەك واژوو دەکات لەسەر فۆرمی بڕیاری کۆتایی بۆ پێدانی مۆڵەتی کارکردنی گەشتیاری وە ئەگەر هاتوو تێبینی هەبوو دەگەڕێندرێتەوە بۆ بەشی مۆڵەت بۆ ڕاست کردنەوەی. | * تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**4**). |
| 7 | *دانی ڕسومات لەلایەن خاوەنی بنکەی گەشتیاری:-*<br><br>هاوڵاتی بەڕێز پێویستە ڕسوماتی دیاری کراو بدەیت لە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری. | * ڕسوماتی دیاریکراو.<br>* فۆرمی بڕیاری کۆتایی بۆ پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ بنکە گەشتیارییەکان (واژوو کراو لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی). |
| 8 | *پشتگیری ژمێریاری :-*<br><br>لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریەوە پشتگیریەکەت پێدەدرێت بۆ بەشی مۆڵەت بە وەرگرتنی هەموو ڕسوماتی دیاری کراو وە وەرگرتنی هەموو قەرزەکانت و سزا ی بنکە گەشتیارییەکەت (ئەگەر هەبوو). | * تەواوی بەڵگەنامەکانی قۆناغی (**7**). |

## ڕێبەری هۆشیاری سوودمەندان

| | | |
|---|---|---|
| 9 | ***ئامادەكردنی مۆڵەت:-***<br><br>ئامادە كردنی مۆڵەتی كاركردنی بنكە گەشتیاریەكەت بە واژووی بەڕێوەبەری گشتی لەلایەن بەشی مۆڵەت وە پۆلینی بنكەكەت لە ناوی دیاری دەكرێت. | * پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بە وەرگرتنی رسومات لە خاوەن بنكەی گەشتیاری.<br>* فۆرمی پۆلین كردنی بنكە گەشتیارییەكان.<br>* فۆرمی بڕیاری كۆتایی بۆ پێدانی مۆڵەتی كاركردن بۆ بنكە گەشتیارییەكان (واژوو كراو لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی).<br>* تەواوی بەڵگەنامەكانی قۆناغی (**1**). |
| 10 | ***واژووی بەڕێوەبەری گشتی لەسەر مۆڵەتەكە:-***<br><br>واژووی بەڕێوەبەری گشتی لەسەر مۆڵەتی كاركردنت وە لە كاتی هەبوونی هەر تێبینیەك دەگەڕێندرێتەوە قۆناغی (**9**) بۆ ڕاست كردنەوەی. | * مۆڵەتی كاركردنی گەشتیاری.<br>* فۆرمی بڕیاری كۆتایی بۆ پێدانی مۆڵەتی كاركردن بۆ بنكە گەشتیارییەكان (واژوو كراو لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی).<br>* پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بە وەرگرتنی رسومات لە خاوەن بنكەی گەشتیاری . |
| 11 | ***دانانی ژمارەی بۆ مۆڵەت:-***<br><br>مۆڵەتەكەت مۆر دەكرێت لە پاش واژووكردنی بەڕێوەبەری گشتی لەسەری و ژمارەی بۆ دادەنرێت لەلایەن بەشی مۆڵەت. | * مۆڵەتی كاركردن (واژوو كراو لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی). |
| 12 | ***داخستنی دۆسیە:-***<br><br>داخستنی دۆسیەكەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وپێدانی مۆڵەتی رەسەن بە تۆی خاوەن بنكەی گەشتیاری . | * تەواوی بەڵگەنامەكانی قۆناغی (**9**). |
| 13 | ***بەدواداچوونی كارەكانی بنكە گەشتیارییەكە:-***<br><br>بەدواداچوونی كارەكانی بنكە گەشتیارییەكەت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پشكنین وە بەراورد كردنی لەگەڵ ڕێنماییەكانی تایبەت بە پۆلین كردنی بنكە گەشتیارییەكان و بەرز كردنی ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەری گشتی لەگەڵ ناردنی وێنەیەك لە ڕاپۆرتەكە بۆ دیوانی دەستەی گشتی گەشت و گوزار. | * تۆماری تایبەت بە بەدواداچوونی كارەكانی بنكە گەشتیارییەكان (پشكنین). |